# لە ئاست پێناسەتدا خەیاڵم پەڕەو زمانم لاڵە

## هەموو غەدرەكانی مێژوو ناتوانن لەبەردەم گەورەیی تۆدا بوەستن

### دایك

**وای لەوچاوەی شەو**
**ڕۆژ دەگەڕێت بەناخی**
**پەنهانی مندا**
**تابزانێت لەچاوی**
**مندا چ شتێكم**
**حەشارداوە**

هەرچەند مێژوو زۆری غەدر لەتۆی دایك كرد، لەوكاتەی كەبەرژەوەندی تایبەتی بەری بە گەشەكردنی پەیوەندیە مرۆڤ دۆستیەكان گرت، وئەفسانەی ئادەمی فریودراو، كە بە جەستە وعەقڵ تەواو، لەلایەن حەوای فریودەرو ناقس عەقڵ (ناتەواوی زەینی)، كرایە بەشێك لە ڕۆحی مرۆڤەكان. بێ متمانەیی بەرامبەر دایك ئەوبونەوەرەی كە لەپشت پەروەردەكردنی دەیان سەركردەی ولات وسیاسی وبیرمەندەوە وەستاوە، بوە بەشێك لەڕۆحی مرۆڤەكان، ئیدی هەموو كاروچالاكیەكانی كەبەرەنجامی بیروبازوی بوو، كرایە جۆرە كارێكی بێبایەخ و، كارەكان بەجۆرێك پۆلێن كران كە تێیدا بوونی دایك سڕرایەوە، لەم پۆلێنەدا هیچ كارێك لەكارەكان پەیوەست نەكرا بەئابوریەكی نەختەوە، دایك بوون ومنداڵ پەروەردە كردن كرایە ئەوكارەی كە لەبێبایەخ ترین كارەكانی دونیا بێت، تائەوئاستەی باووكەكان بەنەنگی بزانن بەشداری بكەن لەپەروەردەكردنی منداڵ وبەئەركی خۆیانی نەزانن. لێرەوە بەپێی عەقڵێكی سیاسی ئابوری خوازی دور لە بنەماكانی مرۆڤ دۆستی بەڕێوەبردنی ماڵو ئیدارەكردنی خێزان كە جەوهەری دروست بوونی كۆمەڵگایە، كرایە ئەركێكی سادە و بێئەرزش، ئەمەش بۆبەرگرتن بوو، بەهوشیاریەك كە ترسناكی هەبێت بۆبەرژەوەندیەكانی باوكان وپاشان كورانی میراتگریان. بەوەی گەر ئیدارەكردنی ماڵ، گەورەكردنی منداڵەكان، دان پیانراو بە بایەخ بێت وبەهایی خۆی بدرێتێ، ئەوكات ترسی باوكان وكوران لە مونافەسەكردنی دایكان لە بەڕێوەبردنی كۆمەڵگە و ئیدارەكردنی لەلایەن دایكانەوە لەترسە گەورەكانە، كە بەرژەوەندیەكانیان دەخاتە بەرمەترسی‌یەوە، نەزعەی خۆپەرستی مرۆڤیش ئەوكاتە بەبەڵگەوە خۆی خستە ڕوو كە ئەوكورانەی كە ماندوبونی بیروبازوی دایكیان كردنیە سەركردەی ولات، ڕۆشنبیر،، باشترین ئیداری، بەوێنەی باوكەكانیان شەری هەوڵی نەچەسپاندنی پایەی دایكیان دەدا، بەڵام غەدری مێژو چەند گەورەبێت، وخەسڵەتە سروشتیەكانی دایك بۆمنداڵەكەی كرابێتیشە كەمبودی، بەتایبەت سۆزو خۆشەویستی كەهەمیشە كراوەتە بەڵگەیەك بۆ نیوئاوەزی ژن، دەوترێت ژن سۆزی زۆرە بۆیە نابێت پشت بەعەقڵی ببەسترێت، بەڵام لەواقعدا سۆزی دایك ئەو بزوێنەرەیە، كە ژیانی مرۆڤی لەسەر بەندە، و ئەو كەسەی بەهەرهۆیەك لەم سۆزە بێبەش بوو، كەمبودیەكی تیا دروست دەبێت، هەموو نێرینەكان ناتوانن لەسۆزی دایكیان خۆگێل كەن و، ناتوانن لەخەیاڵدانیاندا چیرۆكەكانی دایك وهۆنراوەكانیان بیربچێت، ناتوانن كاتێك بیر لەباوەش دەكەنەوە، بیر لە باوەشی دایك و خەوێكی سەرانی نەكەنەوە، كاتێك بۆهاوسەری ژیان یان هاوڕێ دەگەڕێن، ناتوانن بۆوێنەیەك لەدایكیان نەگەڕێن، هەموونێرینەكانی دونیا لەوانەی كە خاوەنی دایكێكی بەواتای خۆیان خراپیش بوون، سۆزی دایك بۆیان گرنگە، ئەوانەشی كە لە منداڵیەوە لە دایكیان بە هەرهۆیەك دابراون، هەمیشە هەست بە ونبونی شتێك دەكەن لەڕۆحیاندا، كە بوونی دایك بوە، گەربێینە سەر ئەو كوروكچانەی كە لەماڵ یاخی دەبن، هەرجۆرە دڵسۆزیەكیان بۆ دەربری بە گاڵتە ئامێزو بڕوانەبونەوە لێی دەڕوانن، لەبەر ئەوەی سۆزی ڕاستی لەلایەن دایكەوەیە، كە بە سەیركردنێك دونیایەك ئارامی پێدەبەخشێت، بەباوەش كردنێك هێزو وزەو متمانەی دەداتێ، هەر بۆیەش باشترین نوسەرو بیرمەندو سیاسی كاتێك دەیانەوێت لەسەر دایك بنوسن، خەیاڵدانیان پڕ لەیادەوری و ڕۆحیان سەراپا بەشێكە لەدایك، بەڵام زمان لاڵ و پەنجە لەرزیوو بۆگوزارشت كردن لە دایك، هاوڕێیەكم كتێبێكی دەركردبوو، سەبارەت بەژیان وگوزەرانی پێشمەرگایەتی‌و ئەمڕۆی هەندەرانی لەبەردەم زۆر لەو كەس و شوێنانەدا كە لەیادەوەری ئەودا شوێنێكیان بەجێهێشتوە هەڵوەستەی كردووە، ئەوەی جێگا سەرنجم بوو، بەتەنها ووشەیەك لەبەردەم دایكیدا وەستابوو، لەكاتێكدا هەمووكتێبەكە تارمایی ماندووبونی دایكی پێوە دیاربوو، كاتێك نوسیم كتێبەكەت زۆر جوانە بەتەنها غەدرت لەدایكت كردوە ، وەك چۆن مێژوو غەدری لە ماندوبونەكانی كردوە، ئەشێ ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، كە لەئاست ماندووبونەكانی ئەودا زمانت لاڵ بوبێت، لەوەڵامدا نوسیبوی وایە. لەكۆتایدا دەكرێت بڵێم خۆم كەسێكم لەوانەی كە ناتوانم نیوە هێندەی گەورەیی‌و میهرەبانی دایكم بە چەند ووشەیەك گوزارشتی لێبكەم .


لە ئینتەرنێتەوە

**ڕوناك فەرەج**

---

# كاری پاڵەوانو كاری گرگن!!

زۆرجار لەملاو ئەولاو هەروەها لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەكان، باسی ڕێكخراوەكانی ژنانو كارو چالاكیان دەكرێت، ئێمە لێرەدا دەمانەوێت كارو چالاكی ڕێكخراوەكان پۆلێن بكەین لەژێر دوو ناونیشان، كاری جادوو پاڵەوانانەو كاری بچوكو گرگن، ناكرێت ئێمە بڵێین كۆی كاروچالاكی ڕێكخراوەكانی ژنان، بەجیاوازی مەهامو ستراتیژیانەوە كاری گرگن، بەڵام ناشتوانین بڵێین خاوەنی كاری جادوو پاڵەوانن، گەر كاروو چالاكی ئەوان جادو پاڵەوانانە بوایە شوێن دەستو كاریگەریان لەسەر هاوكێشە دوولایەنەكە دادەنا، لێرەدا مەبەستمان لەهاوكێشە دوولایەنەكە، كۆمەڵگاو یەكەكانیەتی لەگەڵ خودی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەم كۆمەڵگایەدا، گەر سەرەتا لەسەر هاوكێشەی كەلتور هەڵوەستە بكەین تاكو هەنووكەش كەلتوری زارەكیمان پڕیەتی لە دەستەواژەی پێشێلكاری بەرامبەر بەرەگەزی مێ . دەكرێت ئاماژە بەوەش بكەین، كە پەندوو دەستەواژەكان بۆ خۆیان تەجرید نەكراون لەبونیادی ئەقڵیو نەستی كۆگەلی تاكەكانی ئەم كۆمەڵگایە، بەڵكوو تەواو بەپێچەوانەوە پەندوو دەستەواژەكان بەشێكی سەرەكین لەبونیادی ئەقڵیو بیركردنەوەو تێڕوانینی ئێمە، لەوەش زیاتر بوونەتە بەشێك لەپێكهاتەی خانەكانی لەشمان، هەروەكو چۆن خانەكانی لەشمان لەچەند بەشێك پێكهاتووە، بونیادی كەلتوریشمان بەشێكی گەورەی ئەو خانانە پێك دەهێنێت. بەمانایەكی تر، ئەوە تەنها ئەقڵو ڕۆحمان نیە، كە كەلتور ئاراستەی دەكات، بەڵكو ئەوە جەستەشمانە كە بەبێ ئاگایی خۆمان، كەلتور ئاراستەی دەكات. كەلتور ڕۆژانە دەستەمۆمان دەكاتو هەڵمان دەسورێنێت، بڕیارمان پێدەداتو هەڵسوكەوتەكانمان دەنەخشێنێت، كەچی بۆ جارێكیش نیە لەئاستی فەردیو دەستە جەمعیدا پرسیارێك لەخۆمان بكەینو بڵێین ئێمە لەكوێی ئەم دیدو ئەقڵیەتەداین، ئایا ئەوە ئەقڵی خۆمان ئاراستەمان دەكات، یان ئەوە كۆمەڵێك كۆدوو پێدراوی كۆمەڵایەتین ئێمە وەكو مێگەل ئاراستە دەكەن، ئێمە بۆ جارێكیش لەخۆمان نەپرسی ئایا ئێمە مرۆڤی كۆیلەین یان ئازاد؟

دیارە كۆیلەیەتی تەنها ئەوە نیە كە مرۆڤ كۆیلەی هێزێك یان دەسەڵاتێك یان كەسێكی دیاریكراو بێت، ئێمە بەخۆمان زانیبێت یان نا كۆیلەی هێزێكی مانەوین، دیارە ئەو هێزەش كەلتور پێدراوەكانیەتی، كە بەڕای ئێمە ئەم هێزە كاریگەری گەلێ سلبی تری هەیە لەهێزە فیزیكیو بەرجەستەكان، چونكە هێزە فیزیكیو بەرجەستەكان مرۆڤ ئاسانتر دەتوانێن ئاشكرایان بكاتو مقوماتی ڕووبەڕوبونەوەش بگرێتە بەر لەبەرامبەر ئەو هێزەی كە دەیەوێت كۆنترۆڵی بكاتو ئازادی لێ زەوت بكات، بەڵام هێزی كۆنترۆڵكاری مانەوی، كە مەبەستمان كەلتوری زارەكیە ئاشكراكردنو هەروەها مقەوماتی ڕوبەڕوبونەوەش گەلێك زەحمەتە، كەشف كردنی ئەم هێزە، پێویستی بەوشیاری ئەقڵیو ڕۆحی هەیە، پێویستی بەتێگەیشتنی زەینیو معرفی قوڵە، تا لەڕێیانەوە ئەو هەموو سەربازە نادیارو ئەسلیحە كۆنترۆڵكاریانە بدۆزینەوە كە زەینو ڕوحو جەستەی ئێمەیان داگیركردووە، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، بڕیاری باشو خراپو حەرامو حەلاڵ بەئەخلاقو بێ ئەخلاق بەڕێزو بێڕێزمان پێدەدەن، لەهەمووشی نەنگیو ناخۆشتر، هەموومان سەرسەختانە پارێزگاری لەو هێزە داگیركارییە نادیارە دەكەین، ئا لێرەدا ئەم هێزە داگیركەرە، دووبارەی دەكەمەوە كە مەبەستمان كەلتوری زارەكیمان، پێویستی بەكەسانی شۆڕشگێڕو پاڵەوان هەیە، كە وەكو هێزێك بێنە پێشەوەو دژی بابەتی سەراپاگیربوەستن. بابەتی سەراپاگیر مەبەستمان ئەقڵیەتی باوی كۆمەڵگایە، كە پایەكانی خۆی بەشێوەیەكی زۆر توندو سامناك لەكەلتوری زارەكی گیركردووە، ئەو هێزە شۆڕشگێڕو پاڵەوانە دەبێت سەرسەختانە ئەو شەختە سەهۆڵە بشكێنێتو هەڵكۆڵین لەو بونیادە چەقبەستووە هەزاران ساڵییە بكاتو لەشوێنیان بونیادی ئەقڵی نوێ دابهێنێت، و گۆڕان لەتێڕوانینەكان سەبارەت بە مرۆڤایەتی بەگشتیو ڕەگەزی مێ بەتایبەتی بكات. بەشی زۆر پێدراوە باو دۆگمەكان لەگۆڕنێت، بۆ نمونە گەر ئێمە توانیمان تێڕوانیی كۆمەڵگا سەبارەت بەمەسەلەی ئەخلاق لەناو ڕانی مێوە بگوازینەوە بۆ كۆمەڵێك سلوك كە كاراكتەری كەسەكان دیاری بكات، یان پاییەی ژنمان لەبونەوەرێكی زەعیفو كۆیلەو كەم ئەقڵەوە گۆڕی بۆ خودێكی سەربەخۆو خاوەن ئیرادە.

لێرەوە دەكرێت بڵێین، خاوەنی كاری جدیو پاڵەوانین، دیارە تاكو هەنووكەش كاری لەو جۆرە ئەنجام نەدراوە، بۆیە دۆزو ڕەوشی ژنان گۆڕانی زۆری بەسەردا نەهاتووە، ڕۆژانە كوشتنو خۆسووتاندنی ژنانو توندوتیژی فیزیكیو ڕاكردن لەماڵەكانو زیادبوونی ژمارەی حاڵەتەكانی شێڵتەری ژنان ڕوو لەزیادبوون دەكات، كەواتە دەكرێت بڵێین كارەكان توێژاڵیو بچوكن. گەر لێرەوە بپەڕینەوە سەر هاوكێشەی دەسەڵات، دەسەڵات لەكۆمەڵگای ئێمەدا، ئێستاشی لەسەر بێت نەیتوانیوە وەك یەكەیەكی ڕامیاری، كۆمەڵگا لەدۆخی سروشتیو خێڵەكیەوە تەكانێك پێبداتو بگەیەنێتە ئاستی كۆمەڵگایەكی یاساییو بەسستمكراو، كە تێیدا مرۆڤەكان هەست بەبوونو هاوڵاتی بوونی خۆیانو هەروەها پاڵپشتێكی مانەوەی گەورە بكەن، لەبەرامبەر پێشێلكاریو دەست درێژییە فەردیو كۆكاندا، ڕۆژانە بەبەرچاومانەوە ژمارەیەكی زۆر لەمەلەفی كوشتنی ژنان لەدەزگا پەیوەندیدارەكان بەو مەسەلانە دادەخرێن، توندوتیژیو هالاواردنی ڕەگەزی نابێتە بابەتی گفتوگۆی دەسەڵاتو دانانی پرۆژە پلانی گونجاو بۆ بەربەستكردنی. بەدەنگەوە نەهاتنو بێ دەربەستی دەسەڵات لەبەرامبەر هەموو ئەو گرفتانەی كە وەزعیەتی سیاسی لەم هەرێمەدا دروستی كردن، لەوانە پشت گوێخستنی ئەو ژنو كچانەی كە لەقۆناغی شاخدا لەناو شارەكاندا بۆ كاری سیاسی بەكاردەهاتن لەدوای ڕاپەڕین، هەروەها هەموو ئەو گرفتانەی كە لە دوای تاوانی ئەنفال ڕوبەڕووی ژنان بوونەوە، دوا سیناریۆ، سیناریۆی ١٨ كچە ئەنفالە فرۆشراوەكانن بەحكومەتی مسر. دیارە لەكاتی ئاشكرابوونی ئەو دۆكیومێنتەدا، چەند ڕێكخراوێك تۆڕێكیان پێكهێنا بۆ بەدواداچوونو بەرگری لەو مەسەلەیە، بەڵام خودی دەسەڵات ئەو كاتە ئەو دۆكیۆمێنتەی بەساختەو ناڕاست لەقەڵەمداو هیچ هەڵوێستو پشتگیرییەكی نەنواند بەرامبەر بەو مەسەلەیە. ئێستا كە چارەنوسی دوو لەو ژنانە لەڕێگەی ڕۆژنامەو كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە ڕاگەیەنراوە، تا هەنووكەش دەسەڵات بێ دەنگە. گەرچی دورنیە، خودی حكومەتی میسری بۆ داپۆشینی تاوانەكەی بببێتە مەترسی بۆیان، كە ئەمەش بۆ خۆی جارێكی تر ئەنفال كردنی ئەو ژنانەیە، ئەی ئیشی وەزارەتی ئاوارەو ئەنفال چیە؟ بۆ چ مەبەستێك ئەو وەزارەتە هاتۆتە بوون، گەر پارێزگاری لەحاڵەتێكی لەو شێوەیە نەكات، بوونی ئەو وەزارەتە چ مانایەكی دەبێت، سلكی سیاسی چارەنووسی نەتەوەیەكی بەرەو هەڵدێركی نادیاروو تەماوی ئاراستەكردووە، چ جای پرسینەوە لەچەند ژنێك، سەرانی سلكی سیاسی بەڕاستی كارامەن لەبواری گەندەڵیو كاری بزنسیو پارە بلۆككردندا، بەڵام تا ئەندازەیەكی زۆر بچوكن، لەئاست سیاسەتو كاری سیاسی وگرفتەكانی كۆمەڵگا.

**كۆچەر**